# پەرلەمانی کوردستان بە یاسا

# فەرق و جیاوازی لە ناو کەمئەندامان دا پێک دێنێ

**فەرهاد چیهان میهەن**

**ناوەندی کەمئەندامانی کورد لە سوئید**

ڕوژی 11/21 پەرلەمانی کوردستان پرۆژەی یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پیشمەرگە ی پەسەند کرد.

لە راگەیاندنی پەرلەمان دا نوسراوە کە " بەپێی یاسای نوێ خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە، هەر کەمئەندامێکی پێشمەرگە شوێنی نیشتەجێ بوونی بۆ دابین دەکرێت بەمەرجێک پێشتر سوودمەند نەبووبێت و ئەوانەش کە رێژەی کەمئەندامیان (100%) بێت، یەکێک دابین دەکرێت هاوکاریان بێت و هەروەها ئەو کەمئەندامانەی رێژەی کەمئەندامییەتەکەیان لەسەروو (50%)ەوەیە لەنەخۆشخانە حکومی و ئەهلیەکانیش چارەسەرکردنیان بەخۆڕایی دەبێت و بەرێژەی (30%) کرێی هاتوچۆیان بۆ کەمدەکرێتەوە و لەسوودی هەموو سلفەیەکیش دەبەخشرێن و ئەگەر پێویست بکات ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن بۆ چارەسەرکردن و خەرجییەکانیان لەسەر حکومەت دەبێت و هەروەها خوێندنیش بۆ خۆی و خێزان و منداڵەکانیشی لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لەخوێندنگەو کۆلیژە ئەهلیەکانیش بەخۆڕایی دەبێت، پرۆژەیاسا نوێیەکە کە پێکهاتبوو لە (13 (ماددە دوای لابردنی ماددەیەك، بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پەسندکرا"

پێویستە کە چەند پرسیار ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکرێ کە: هۆی چییە ئەم هەموو یارمەتیو چاکسازی و رەفاعیەتی کومەلایەتی، تەنیا کەمئەندامانی پیشمەرگە دەگرێتەوە؟ ئایا لە کوردستان تەنیا پێشمەرگە کەمئەندامن؟ ئایا پەرلەمانی کوردستان پێیان وانییە کە هەموو کەمئەندامانی کوردستان پێویستیان بە یارمەتیو چاکسازی و رەفاعیەتی کومەلایەتی هەیە؟ کام یاسا مافی ئەم کەمئەندامانە دەپارێزێ کە کەمئەندامی حیزبیو پیشمەرگە نین؟ ئەی چەشنەکانی تری" هەندیکاپ" (کەمئەندام) لە کوردستاندا چۆن مافیان دەپارێزرێت و کێ یەکسانیی لە کۆمەڵگای کوردستاندا سەقامگیر دەکات؟ هۆی چییە کە پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران فەرق و جیاوازیی لە ناو کەمئەندامان دا دروست دەکەن ؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە حکومەتی هەریمی کوردستان بیداتەوە. بە پێی ئەو زانیاریانەی کە من هەمە کەمئەندامانی زگماکی لە زۆر ماف بێبەشن و هیچ یاساییە نیە لە کوردستان بۆ سەقامگێر کردنی مافی کەمئەندامانی زگماکی. بۆیە لە ڕاستیدا بە بۆچونی من پەرلەمانی کوردستان بە ئەم یاساییە هەڵاواردنە دەکا لە نێوان دوو چەشنی کەئەندامیی زگماکی و پێشمەرگایەتیدا!

دیارە ئەم شیوە هەڵاواردنە یان فەرقو جیاوازییەی کە پەرلەمانی کوردستان بە یاسا لە نێوان کەمئەندامانی زکماگی و پێشمەرگەدا پێکیان هێناوە بە پێی پەیمانی جیهانی مافی مروڤ و دەستووری هەرێمی کوردستان یاساغە. هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرابەر ئەم هەڵاواردنە لە نێوان کەمئەندامانی زگماکی و پێشمەرگە دا بەرپرسیارە.